سەید حەکیم: عێراق لەڕووی ئابووری زیانی بەرکەوتوە بەهۆی پەرەسەندنی دۆخی ن□وچەکە و سەقامگیریش داواکاری هەموانە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ل□ □ نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز ئەحمەد خەفاجە بال□ی□زی میسر لە بەغدا کرد و لەم دیدارە باس ل□ □ پ□یوەندی دوو قۆڵی هەردوو ولات و ڕکابەرییەکانی ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە کرا لەگەل ئەو ڕکابەریانەی لەم قۆناغە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە.

سەماحەتی گرنگی دەولەتێکی وەك میسری لە سیستەمی عەرەبی و ئیسلامی دووپات کردەوە لەبەر ئەوەی كەلتوور و رۆشەنبیری هەیە و داوای کرد خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو ولات بقۆسترێنەوە بۆ ئەوەی خزمەتی هەردوو ولات و بەرژەوەندییە هاوبەش و دۆسێیەکانی هەردوو وڵات بکات، جەختیشی کردەوە لەسەر سوود وەرگرتن لە ئەزموونی میسر لە دووبارە ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنان.

سەماحەتی حەکیم جەختی لە پێویستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری لە ناوچەکە و وەستاندنی پەرەسەندن و گۆڕینی بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن کردەوە، هەروەها ئاماژەی بە زیانەکانی عێراق کرد کە لە ئەنجامی ئەم هەڵکشانە پێی کەوتوە، لە ڕووی دابەزینی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتەوە، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی ه□م□ج□شنکردنی ئابووری و ه□م□ج□شنکردنی هەناردەکردنی نەوت کرد لە ڕێگەی هەردوو دەریای سوور و دەریای ناوەڕاستەوە.

لەکۆتاییدا سەید حەکیم ئاماژەی بە گرنگی سنووردارکردنی چەک بۆ دەوڵەت بەگوێرەی کات و میکانیزمی عێراقی کرد، بەو پێیەی مەلەفەکە داواکارییەکی عێراقییە و ڕاستییەکی دەستوورییە، ستایشی ئەو هەوڵ و قوربانیدانەی کرد کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و گەڕاندنەوەی خاک و دەوڵەتدا دراون...